# هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە
# شیکردنەوەی چەمك و جۆرەکانی

**زیرەك احمد رحمان، پەیمان عبدالقادر مجید**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** هۆشیاریی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەم چەمکانەی کە لە زۆربەی زانستەکان بە شێوەیەکی گشتی و بە شێوەیەکی تایبەتی لە زانستە مرۆڤایەتییەکان بە تایبەتتر لە کۆمەڵناسیدا پانتاییەکی بەرچاوی گرتووە، چ وەکو بابەت و ئەدەبیات و تیۆری زانایان و چ وەك توێژینەوەی جیاجیا لەسەر ئەم چەمکە. هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لەو بابەتانەیە کە ڕای جیاوازی زۆری لەسەر هەر لە ناساندن و پێکهاتن و جۆرەکانی و تا دەگاتە ڕۆڵ و ئەرك و کاریگەریی لەسەر تاك و کۆمەڵگە. بۆیە فەیلەسووفان و زانایان و بیرمەندان لە ڕوانگەی جیاواز و بۆچوونی جیاوازەوە بیرۆکە و تێزی جۆراوجۆریان خستووتەڕوو. بۆیە ئەم بابەتە لەنێوان زانستەکان بەهای خۆی هەیە و هەر زانستێك ڕوانینی خۆی هەیە بۆی. هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بابەتێکە زۆر هەڵدەگرێت، ڕەنگە هێندە فراوان بێت، بێگومان لە دەرەوەی ڕوانینی کۆمەڵناسانە، هەڵگری مانای جیاواز بێت، بەڵام ئەم توێژینەوەیە چڕبوونەوەیە لە هەوڵێکی زانستی و کارێك کە پانتاییەکەی بریتییە لە کۆمەڵناسی، وەك زانستێك ڕوانگەی لەسەر ئەم چەمکە و پێکهاتن و جۆرەکانی و ڕۆڵی لەلای تاك و کۆمەڵگە دەخاتەڕوو، چونکە باسکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ڕوانینە جیاوازەکانی زانایانی و لە چوارچێوەی بوونی لە کۆمەڵگەدا، بابەتێکە پێویستە لە زۆر لایەنی کۆمەڵناسییەوە، توێژەران چەندان توێژینەوەی جیاوازی لەسەر ئەنجام بدەن، هەم لەسەر خودی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی وەك بابەتێك بۆ توێژینەوە، هەم وەك ئەم پەیوەندیی و کاریگەرییانەی هەیەتی لەسەر هەر لایەنێك لە لایەنەکانی کۆمەڵگە، بە تایبەت پرسە هەنووکەییەکان و کێشەکانی کۆمەڵگە و دیاردە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە. لەم ڕوانینەوە بۆ ئەم چەمکە، ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دراوە.

**کلیلە ووشەکان-** هۆشیاری، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی.

## پێشەکی:

کۆمەڵناسی وەك زانستێك چەتری کۆمەڵێك چەمك و زاراوەی زانستی تایبەت بە خۆیەتی. هەریەکێکیان لە توێژینەوەکانیدا بە ئەندازەی گرنگیی خۆی خراونەتە بەرکار. بە هۆی بەربڵاوی چەمك و زاراوە سەرەکییەکانی ئەم زانستە، زۆر جار بواری زانستی تریش بەکارهێنەری چەمکانی دەبن. ڕەنگە بەکارهێنانی چەمك و زاراوەکانی کۆمەڵناسی لەلایەن زانستەکانی ترەوە، زۆر جار لە مانا و گوزارشتی خۆی لا بدات، جا بە هۆی ئەوە بێت لە بوارێکی جیاواز لە کۆمەڵناسی بە ئەندازەی خۆی لە ماناکەیان ناگات، یا ئەوەتا بوارێکی جیاواز تێگەیشتنێکی جیاوازیی دەبێت و مانای جیاواز بە چەمکەکان دەدات. هۆشیاری و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لەو چەمکانەن کەوا زۆربەی زانستەکان بە گشتی و بە تایبەتی مرۆڤایەتییەکان بە پسپۆڕیی جیاجیا، بەکاری دەهێنن و قسەی لەسەر دەکەن و تێگەیشتن و لێکدانەوەیان بۆی هەیە. بە ئەگەری زۆرەوە ڕەنگە ڕوانگەیان جیاواز بێت لە ڕوانگە کۆمەڵناسییەکە بۆ ئەم چەمکە. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم چەمکە یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی، ئەوا مافی ئەم زانستەیە مانای تایبەتی خۆی پێ بدات. ئەم مانادانەی کۆمەڵناسییش بە چەمکێك کە خاوەنیەتی، دەبێتە بنەمایەك بۆ ئەوەی لە تەواوی زانستەکانی تریش تێگەیشتنێکی نزیك لەمەیان هەبێت. لەوەتەی مرۆڤ هۆشی لەبەرە و پەی بە هەرچییەك دەبات لە دەوروبەری لەناو بازنەیەکی پەیوەندیی لەگەڵ تاکەکانی تردا دەژیت، کۆی ئەم هەست و پەیبردن و ئەقڵ پێداشکانەی هەیەتی، لە چوارچێوەی کۆمەڵگەکەیدا بەرجەستە دەبێت. لەم سۆنگەیەوە دەمانەوێت قسە لە پرسێك بکەین کەوا لەنێوان ئەم تێگەیشتنانە پێی بگوترێ هۆشیاریی کۆمەڵایەتی.

## بەشی یەکەم
## ڕەگەزە سەرەکییەکان

### 1. کێشەی توێژینەوە

بوونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی وەك کێشەی توێژینەوە، بە هۆی ئەوەیە وەك بابەتێك جێی سەرنجی توێژەرە، کە پرسێکی وا لە کۆمەڵگەدا بە گرنگ دەزانرێت لە ڕوانگە کۆمەڵناسییەکەیەوە لێی بتوێژرێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی تاك لە کۆمەڵگەدا لەناو کۆمەڵێك بازنەی پەیوەندیدا دەژیت، سەرەتا خێزان، دواتر گرووپی هاوڕێیان، قوتابخانە و دواتر کۆی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر. هەریەك لەم دامەزراوانە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەو تاکە هەیە. وا دەکەن تاك پەی بە هەرچییەکی دەوروبەری ببات لە کۆمەڵگە، ئەمە لە چوارچێوەی پرۆسەیەك کە پێی دەگوترێت هۆشیاریی کۆمەڵایەتی.

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 2(2026)؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n2y2026.pp120-128
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 11 حزيران 2025؛ قُبل في 17 أب 2025؛ نُشرت في 7 أيار 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : paiman.majid@univsul.edu.iq, zirak.ahmed7@gmail.com
حقوق الطبع والنشر@ زيرەك احمد رحمان، پەیمان عبدالقادر مجيد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ئەم چەمکە لە بواری جیاجیادا زۆر باسی لێوە دەکرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە ڕوانگەی کۆمەڵناسییە بۆ ئەم چەمکە، لەگەڵ ئەم مانا و ناوەڕۆکەی کە کۆمەڵناسی بە شێوەیەکی جیاوازتر لە زانستەکانی تر دەیخاتەڕوو، لەبەرئەوەی ئەم چەمکە تەواو بواری کۆمەڵناسییە، ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی ئەوەدایە ڕوانگە کۆمەڵناسییەکە بخاتەڕوو کە بە هۆی باسکردنی ئەم چەمکە لە بوار و زانستەکانی تر، بەو شێوە نییە لەم زانستەدا.

بەم ئەندازەیە کێشەی ئەم توێژینەوە گەڕانە بە دوای وەڵامی چەند پرسیارێك کەوا دەکرێت لە چەند خاڵێك ئاماژەی بۆ بکەین:

- ئایا هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە چییە؟
- چۆن هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی تاك پێك دێت لە کۆمەڵگەدا؟
- ئەرك و ڕۆڵی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لای تاك و کۆمەڵگە چییە؟

## 2. گرنگیی توێژینەوە

هۆشیاریی کۆمەڵایەتی کە چەمکی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، ئاشنابوون بە مانای ئەم چەمکە گرنگیی خۆی هەیە. بەڵام وەك گرنگیی توێژینەوە دەتوانرێ لە چەند خاڵێکدا بخرێنە ڕوو:

أ. گرنگییەکی ئەم توێژینەوە لەوەدایە باسکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەیەکی مەعریفی، هەوڵ دەدات ببێتە بنەمایەك بۆ ئەوەی هەر کاتێك باسی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بکرێت، ورد و ڕوون بێت باس لە چ بابەتێك دەکرێت و تێکەڵاوی چەمکی تر نەکرێت.

ب. گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قووڵبوونەوە لە مانا و ڕایە جیاوازەکان لەسەر ئەم چەمکە، لە چوارچێوەی ڕا و بۆچوونی جیاوازی زانایانی کۆمەڵناسی بە مەبەستی شیکردنەوەی چەمکەکە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی.

ج. لە چوارچێوەی ئەم ڕۆڵەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دەیگێڕێت لە کۆمەڵگە، گرنگییەکەی تری ئەم توێژینەوەیە، جیاکردنەوەی ئەم جۆرە جیاوازانەی هۆشیارییە کە خۆیان لە چوارچێوە گشتییەکەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا دەبیننەوە. ڕۆڵییان لە پێگەیاندنی تاك هەیە لەناو کۆمەڵگەدا

## 3. ئامانجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە وەك هەر توێژینەوەیەکی تر کۆمەڵێك ئامانجی هەیە کە لە چەند خاڵێکدا پوخت دەبنەوە:

أ. ئامانجی لەم توێژینەوەیدا دیاریکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەی پێکهاتەکانی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، بۆ ئەوەی ئەم باسکردنە گشتیانەی سەبارەت بەم چەمکە هەن لە کۆمەڵگە، بە تێگەیشتنێکی زانستیانە بگاتە تاکەکان.

ب. ڕاستکردنەوەی هەر بۆچوونێکی هەڵە سەبارەت بەم چەمکە، یاخود تێگەیشتنێکی نادروست کە دەرهاویشتەی قووڵبوونەوەی زانستی نەبێت، یا لە بوارێکی تری جیاوازی پسپۆڕی لەسەری هەبێت.

ج. ئامانجێکی تر خستنە ڕووی ڕۆڵی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لای تاك و کۆمەڵگە، مەودای کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و کردارەکانی تاك لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا و چۆنیەتی ئاراستەکردنی تاك لە کردار و ڕەفتارەکانی لەناو کۆمەڵگەدا.

## 4. میتۆدی توێژینەوە

هەر هەوڵێکی توێژینەوەیی، بۆ ئەوەی وەك کارێکی زانستی بناسێنرێت، پێویستە ڕەچاوی ڕێسا زانستی و ئەکادیمیەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە بکات. میتۆدی توێژینەوە ڕێکخەری ئەم هەنگاوەیە لە هەر توێژینەوەیەکدا. ئەم توێژینەوەیەی وەك هەوڵێکی زانستی، توێژینەوەیەکی تیۆرییە و میتۆدی وەسفی تێدا بەکارهاتووە. بۆ قسە لەسەر ئەم میتۆدە زۆر ناساندن هەیە، کە بە پوختی ئەم میتۆدە بریتییە لە توێژینەوە ورد و بە ئامانجگرتنی دیاردەیەك یاخود بابەتێك بەم شێوەی کە هەیە، لە ڕووی پێکهاتە و شێوە و تایبەتمەندی، ئەو هۆکارانەی کاری لێ دەکەن، لەگەڵ ئەم کاریگەرییانەی لە کۆمەڵگە دەیخاتەوە. بە مەبەستی ناساندنی دیاردە یاخود بابەتەکە لە ڕووی مانا و ناوەڕۆك و گەیشتن بە چەند ئەنجامێك یارمەتیدەر بێت لە تێگەیشتنی لە واقعدا (عليان و غنيم، 2010: 66) بابەتی ئەم توێژینەوەیەش گەرانە لەو زانیاریانەی سەر هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، بۆ ناساندنی و خستنەڕووی پێکهاتنی و جۆر و ئەرکەکانی و ئەم ڕۆڵەی لای تاك و کۆمەڵگە هەیەتی، هاوکات تاوتوێکردنی لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسییانە و خستنەڕووی ئەم زانیاریانە و بۆچوون و ڕوانگە کۆمەڵناسیانە بەم ڕێسا میتۆدیە.

## 5. پێناسەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی

**لە ڕووی چەمکەوە:** چەمکی هۆشیاریی چ وەك پێناسە چ وەك باس و خواسی ناو سەرچاوە ئەکادیمییەکان، بە شێوەیەکی گشتی هەندێکیان بەرەو ئاراستە فەلسەفیەکەی ئەم چەمکە ڕۆیشتوون وەك پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ئەقڵ و بیری تاك. بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستمانە بە ئاراستە کۆمەڵناسیەکەیەتی، وەك پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگە.

لە پێناسەیەکدا هاتووە کە بریتییە لە تێگەیشتن و بە درووستی وەرگرتن. هۆشیاریی کۆمەڵایەتی ئاراستەی عەقڵە لای تاك ڕەنگ دەداتەوە بەهۆیەوە تاك هەست بە خۆی و ژینگەی دەوروبەری دەکات بە ئاستی جیاجیای چ ڕوون چ ئاڵۆز. توێژەرانی کۆمەڵناسی وا دەبینن کەوا مەبەست لە هۆشیاری بریتییە لە پەیبردنی تاك بە خۆی وەك ئەندامێکی گرووپ (الصالح، 1999: 115).

لە پێناسەیەکی دیکە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی: حاڵەتێکی بێداریی ئەقڵییە، تاك تێیدا پەی بە خۆی و پەیوەندییەکانی دەبات لە ڕووی کات و شوێن و کەسەکانەوە، بە هۆیەوە وەڵامی کاریگەرە ژینگەییەکان دەداتەوە بە دروستی. ئەم پەیبردنەی تاك بە پلەی جیاجیا دەبێت لە ڕوونی بۆ ئاڵۆزی، بەو پێیەی ئەندامێکە لەناو کۆمەڵگە (مسعود، 2011: 103).

هەروەك لە پێناسەیەکی تردا: بریتییە لە کۆی ئەو بیر و تیۆر و بۆچوون و هەست و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیانەی نێو مرۆڤەکاندا هەن و ڕەنگدانەوەی واقیعی بابەتیی خۆیانن، واتە واقیعی بابەتیی کۆمەڵگەی مرۆییە. بە ئاڵۆزی و فرەچەشنی وەسفی دەکرێت. بە گوێرەی کۆمەڵگەکە دەگۆڕێت و کاریگەری ئەرێنی لەسەر بوونی کۆمەڵایەتی هەیە (احمد، 2006: 189).

**پێناسەی ڕێکاریی:** هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بریتییە لە بێداری بە ئاستی جیاجیا وەك ئەندامێکی کۆمەڵگە و پەیبردنی ئەقڵی تاك بە پەیوەندیی خۆی بە ژینگەی دەوروبەری و هەر دیاردە و بابەتێکی ناو کۆمەڵگەکەی و هەستکردنی بە ئەرێنی یاخود نەرێنیان لە واقیعی ئێستادا، بە گوێرەی مەودای ئەرێنی و نەرێنی دیاردەکە یا بابەتەکە و بە گوێرەی کۆمەڵگەکە.

# بەشی دووەم
# هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە زانستی کۆمەڵناسیدا

هەر چەمکێکی ناو توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان واتا و گوزارشتێك هەڵبگرێت، لە دەرەوەی تێگەیشتنی کۆمەڵناسیانە واتای تر هەڵدەگرن. هۆشیاری بەدەر نییە لەمە. هۆشیاری پرۆسەیەکی بەردەوامە لەگەڵ ژیانی مرۆڤ بە درێژایی تەمەن، مرۆڤ بەردەوام بە ناسین و بەرکەوتەی لەگەڵ هەرچییەکی لە ژیانیدایە و پەی پێ دەبات، ئەم

پرۆسەیە خۆی نوێ دەکاتەوە. بۆیە گرنگە لێرەدا سەرەتا ئاماژە بکرێت بە مانای هۆشیاری، و پاشان ڕای زانایانی کۆمەڵناسی لەسەر هۆشیاری، پاشان چوونکە ناو بابەتەکانی تر ئاسانتر دەبێت.

**یەکەم: مانای هۆشیاری:**

هۆشیاری لە زمانی کوردیدا بەرامبەر (الوعي) لە زمانی عەرەبی بەکاردێت، بەڵام بەرامبەر هۆشیاری لە زمانی ئینگلیزیدا دوو وشە بەکاردێن (Awareness) و (Consciousness) وەك ئەوەی هاوواتای یەکتر بن، گونجاوتر وایە کە ئەمەی دووەمیان شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەمەی یەکەمیان. لە ڕاستی وشەی (Awareness) لە بنچینەی وشەیەکی ئەنگلۆسەکسۆنی وەرگیراوە کە (Gewaer)ە واتە بوونی زانست و زانیاری یاخود ناسینەوە، بۆیە واتای ڕەسەنی وشەی (Awareness) بەندە دەستکەوتنی شارەزایی و ئەزموون. بەڵام بنچینەی زمانەوانی وشەی (Consciousness) ئاماژەیە بۆ واتایەکی سنووردارتر، کە پێك دێت لە دوو وشەی لاتینی کە بریتییە لە (cum) و (sciere) کە دەکرێ ماناکەی بریتی بێت لە زانیاریەك دەربارەی شتێك(نخبة من الاساتذة المصريين والعرب المتخصين، 1975: 87). بەم پێیە هۆشیاریی پرۆسەیەکە مرۆڤ تێیدا شتەکانی دەوروبەری دەناسێتەوە، چونکە بە هۆیەوە دەبێتە خاوەنی ئەزموون و شارەزایی. گەر نموونەی منداڵێك بهێنینەوە لە سەرەتادا هێشتا هۆشیاریەکەی کامڵ نەبووە، کەم تا زۆر شتەکانی دەوروبەری دەناسێتەوە، بەڵام مەرج نییە تەواو هۆشیارییەکی وای هەبێت لە تەواوی شتەکان بگات، لەبەرئەوەی لە سەرەتای ئەم پرۆسەدایە، مرۆڤ کاتێك هۆشی تەواوترە کە بتوانێ ئەم ڕووداوانەی ڕابردوو و داهاتوو بە یەکەوە گرێ بدات کە کار لە ژیانی دەکەن.

**دووەم: هۆشیاریی لای زانایانی کۆمەڵناسی**

زۆربەی سەرچاوە و نووسینەکانی سەر چەمکی هۆشیاری، بەردەوام تووشی ئەم پرسیارە بوونە، کامیان پێش کامیانە هۆشیاری یاخود بوون؟ مارکسییەکان و کارڵ مارکس (Karl Marx) (1818-1883) لەسەرووی هەموویان پێی وایە ئەوە هۆشی مرۆڤ نییە کە بوونی مرۆڤ دیاری دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هۆشی مرۆڤ بە بوونە کۆمەڵایەتیەکەی دیاری دەکرێت. ئەمە پێچەوانەی تێگەیشتنی نموونەگەراییە کە هۆشیاری بە بنچینەی سەرجەم ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان دەبینن(أوليدوف، ب.ت: 7 و 8).

لە بەرامبەردا لە زانایانی کۆمەڵناسی ڕۆژئاوایی وەك پیتیرم سۆرۆکن (Pitirim A. Sorokin) (1889- 1968) لە چوارچێوەی کارەکانی لە بواری شیکردنەوەی کۆمەڵناسیانە بۆ ڕێکخستنە هزریەکانی کۆمەڵگە لەم پرسە دواوە، و ناوبراو بناخەی واقیعی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی گەڕاندۆتەوە بۆ پێشمەرجی کولتووری کۆمەڵایەتی (عماد، 2017: 43). ئیمیل دۆرکهایم (Émile Durkheim) (1858-1917) تەواو پێچەوانەتر لە مارکس پێی وایە ئەم هۆشەی بەرجەستە دەبێت لە بیروباوەڕ و دین و بۆچوون بنیادی واقیعی کۆمەڵایەتی تاك و کۆمەڵگە دەنێت(غدنز، 2005: 71). بەڵکو سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەقڵانیبوونی ڕەفتاری مرۆڤ هۆشیاریی کۆمەڵاییە، چونکە هۆشیاری ڕێسای ڕێکخراو و ئامانجی ڕەفتار دادەڕێژێت، ئەمەش کرۆکی کەسێتیی تاکە (ليلة، 1983: 515-516).

لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنە دەردەکەوێت کە هۆشیاری بەرهەمی کاریگەری ئاڵوگۆڕی کەسەکانە لە چوارچێوەی واقیعێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی پەیبردن و وابینین و هەست و هۆشی خودی و بابەتیان دەربارەی ڕاستیە مەعریفی و قەناعەتی ئیمانی و خواست و هەست و سۆز و ئاراست و شێوازی ڕەفتاریان لەناو کۆمەڵ کە ڕەنگدانەوەی دراوەکانی ئەم واقیعە کۆمەڵایەتییە بن. ئەمەش گشت ڕەهەندە مرۆییەکان و ژینگەیی و ئابووری و پیشەیی و گوزەران و شارستانی و کولتووری و ...هتد دەگرێتەوە لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ ئەم واقیعە (حجازي، 2005: 226)، کاتێك باس لە هۆشیاری دەکەین لە توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی، ناچین بەلای تێگەیشتنە فەلسەفیەکانی ئەم چەمکە کە خۆی دەبینێتەوە لە ئاشنابوونی مرۆڤ بە خۆی، لەوێشەوە بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەر (إمام، 1985: 33-34). بەڵکو ئەو پەیبردنەی تاك کەوا زادەی کۆمەڵگەیە لە میانەی بەرکەوتنی کۆمەڵگە تاك فێری دەبێت، ئەمە کاری کۆمەڵناسییە، بە تایبەتی لە بواری توێژینەوە.

لەمەی ڕابرد دەردەکەوێت کە چەمکی هۆشیاری بەگشتی یەکێکە لەو چەمکانەی کەوا زۆرێك لە توێژەرانی کۆمەڵناسی لە بارەیەوە دواون و کاریان لەسەر کردووە. بە جۆرێك هۆشیاری بووەتە یەکێك لەو چەمکانەی کەوا کۆمەڵێك ڕا و ئاراستە و بۆچوونی جیاجیای لەسەرە وەك بابەتێکی ئەو زانستە. هەر زانا و توێژەرێکیش لە گۆشە نیگایەکی جیاوازەوە سەیری ئەم چەمکە دەکات، بە پێی بابەت و ئامانجی بابەتەکەی. ڕەنگە زۆربەی جاریش ڕوانگەکان لە یەکتر جیاواز بن، لە ناوەڕۆك دوای قووڵبوونەوە قاڵبوونەوە، زۆر جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبێت. بەڵام بە گشتی ئەم جیاوازیانەی لەسەر ئەم چەمکە هەیە، هەموویان بە یەکەوە دەبنە خەرمانێکی زانستی و میراتێکی دەوڵەمەند لەو زانستەدا.

**سێیەم: تێگەیشتنێکی کۆمەڵناسیانە بۆ هۆشیاریی کۆمەڵایەتی**

سەرەتا لای مارکسیە کلاسیکییەکان هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە، لە کاتێکدا کۆمەڵناسیی بۆرژوازی زاراوەی تری دەکاردەهێنا وەك ڕای گشتی، و ڕۆحی نەتەوەیی و میللی(أوليدوف، ب.ت: 8). بەڵام بەم تێڕوانینەی کە پێشتر باسکرا، لێرەدا نامانەوێ بچینە ناو قووڵاییە فەلسەفیەکەی. بەڵکو کە دەڵێین هۆشیاریی کۆمەڵایەتی مەبەست لەم پەیبردن و زانین و هەستکردنەی تاك لە ئەنجامی بەرکەوتنی بە کۆمەڵگە و پرۆسەی فێربوون، هۆش دەداتە بەری. بەڵام ئاراستە جیاجیا هزریەکان هەریەکەیان بە جۆرێك لێی دەڕوانن. هەر چۆنێك بێت، ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ کەڵەکەبوونی توێژینەوەی جۆراوجۆری زانستە مرۆڤایەتییەکان، تێکەڵاوی کۆمەڵێك پرسی وەك خوو و داب و نەریت و باوەڕ و سیستم و زمان و کولتوور و...هتد بوو (شرف، 2010: 11). بەمەش سەختە تاك بیر لە خودی خۆشی بکاتەوە بە بێ بەرکەوتنی کۆمەڵگە. بۆیە پەیبردنی هۆشیارانەی تاك بەستنەوەیەتی بە کۆمەڵگە، بەمە تاك دەگاتە ئەو ئاستەی هۆشیاری کە چۆن کاریگەرە بە دەوروبەر، چۆنیش کاردەکاتە سەر ئەوانیتر.

هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بنچینەی هەموو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانە، چونکە ئەم هۆشیارییە بوونیان و بونیادی کۆمەڵایەتییان دیاری دەکات و سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەقڵانیبوونی ڕەفتارە، چونکە پرۆسەیەکە یارمەتی تاك و گرووپ دەدات تاکو بە هۆشێکی زیاترەوە پەی بە بارودۆخی کۆمەڵایەتییانەوە ببەن، بەو ئەرکانەشی دەکەوێتە سەریان(حميد، 2014: 26 و 29).

بۆیە وەك گشتاندنێکی کۆمەڵناسیانە دەردەکەوێت کە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی یەکەیەکی پێکبەستراوە لە پرۆسەیەکی ئەقڵی کە زادەی واقیعە، کە تاك بە دەستی دەهێنێت بە هۆی بوونی لەناو ئەو بارودۆخانەی ڕەفتاری دیاریکراوی بەسەردا دەسەپێنن بۆ ئەوەی جووڵەیەکی ماقووڵ بکات، لەپێناو ئەوەی بگونجێت لەگەڵ تاکەکان و گرووپ و کۆی کۆمەڵگە.

هەر ئەم هۆشـیاریەیە وا لە مرۆڤ دەکات تا ڕادەیەکی باش لە خۆی و کۆمەڵگە و سرووشـت بگات. لە بارەی واتا و بابەت، ڕواڵەت و گەوهەر، کێشـە و پێکهات بزانێ. ئاگاداری ڕووداوەکان بێت. بەمەش ئەو مرۆڤەی شـارەزای ژیان و باری کۆمەڵایەتی بێـت، دەتوانێ کەموکورتی و گیروگرفـت دیاری بکات و چـارەیان بۆ بدۆزێتەوە (سادق، 2008: 7).

هەرچەندە ئەم چەمکە لە ڕووی ئاراستە و بیر و ئایدیۆلۆژیای جیاجیای بیرمەندانی کۆمەڵناسی تێڕوانینی جیاجیای لەسـەرە، وەك لە پێشـوودا باسـکرا، لە بری ئەوەی بچینە ناو قووڵایی ئەم دیوە فەلسـەفییەی چەمکەکە بەڵکو لەسـەر ئەمە وەسـتاوینەوە کە زۆرینەی توێژینەوەکان لەسـەری واتا و گوزارشـتی کۆکن، بەم تێگەیشـتنەی کەوا لەم توێژینەوەیە پێویستمانە.

لێرەدا دەردەکەوێت کەوا لەگەڵ بوونی ئەم ڕوانینە جیاجیانە دەربارەی هۆشیاری هەن، ئەوا ئەو زانا و توێژەرانەی کۆمەڵناسی ناکۆك نین لەسەر ئەوەی هۆشیاری خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێك تێگەیشتن و بیر و ڕۆشنبیری کە تاك بە دەستی دەهێنێت و ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنێکی فراوانی خودی خۆی و پرسەکانی کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و بوونی ڕابردووی و ئێستا و داهاتوویەتی، بە گوێرەی کات و شوێن لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت.

## چوارەم: پێکهاتەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی

لایەنێکی کۆمەڵگە لە خۆیەوە درووسـت نابێت، بێگومـان کۆمەڵێـك هۆکار و فاکتەری جیاجیا لە پشـتی هاتنە ئاراوەن، بە گوێرەی سرووشـتی کۆمەڵگەکە، هەر یەکێك لەم فاکتەرانەش بە پلەی جیاجیا ئامادەیی و کاریگەرییان هەیە. بەڵام ئەوەی لێرە مەبەسـتە ئەوەیە ئەم خاڵانەی باس دەکرێن ئەوانە پێکهێنەری هۆشـیاری کۆمەڵایەتین، کە بریتین لە:

**1.** بەهاکان: لە کۆمەڵناسیدا بریتیین لە ئاستی هاوبەشی کولتووری، کە سەنگی مەحەکە لە هەڵسـەنگاندنی بابەت ئاراسـتەی ئەخلاقی، جوانی، مەعریفی. ئەو وابینینە ڕوونەیە کە وا دەکات تاك و گرووپ بتوانن ئەمە دیاری بکەن کە چی خوازراوە یان بێزراوە (غيث، 2006: 469). پەیوەندیی نێوان بەها و ڕەفتاری تاك لە کۆمەڵگەدا لەو هۆشیارییەی ڕەنگ دەداتەوە کە زادەی واقیعە (مصطفى و الطـاهر، 2018: 105). ئەم وابینین و سـەنگـاندنە بەهـاییە یارمەتیـدەرە لە درووسـتبوونی هۆشـیاریی کۆمەڵایەتی کە تاك پەی ببات بە هەرچییەکی ئەرێنی و نەرێنییە لە کۆمەڵگە.

**2.** سـایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی: مەبەسـت لێی هەرچی تایبەتمەندی دەروونی هاوبەشی کۆی تاکەکانی گرووپە، سەرەڕای جیاوازی توێژ و چینەکانی گرووپەکە، وەك جۆری کەسێتی و یەکێتیی سرووشت و هەست و سۆز و خواست و ئەو نەریتانەی کاریگەرییان هەیە لەسـەر هاتنە ئارای هۆشـیاریی کۆمەڵایەتی و گشـت لایەنەکانی تـری ژیانی کـۆمەڵایەتی (حـفظي، 1992: 21). زۆربەی لایەنەکانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی ئاراستە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر پەیوەندیی نێوان تاك و بابەتێك لە بابەتە ژینگەییەکان، چونکە ئاراستە خاسـیەتی کاردانەوەی هەیە، دەکرێ دیاریکراو بێت دەکرێ گشـتی بێت، ئەرێنی لەگەڵیدا بێت، نەرێنی دژی بێت، بەردەوام بێت یاخود کاتی، ڕوون بێت یاخود شـاراوە (عماشـة، 2010: 20). بۆیە هەر پەیبردنێکی تاك و گرووپ بە باسـێکی دەوروبەری مەیلی کاردانەوەی هەیە بەرامبەری، ئەم ئـامـادەکارییە فێرکارییە بەرچاوڕوونی دەبەخشێت بۆ دروستبوونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی.

**3.** بیر و باوەڕ: هەرچی بۆچوون و ڕوانینی سیاسی و ماف و دینی و ئەخلاقی و هونەریە کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیی چین و توێژێکە، پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی لەگەڵ هۆشـیاریی کۆمەڵایەتی هەیە (خليل، 2002: 127). هەرچییەکی دەچێتە چوارچێوەی بڕوای تاك، دەشـێ خودی بن، دەشـێ کۆمەڵایەتی بن، بە جۆرێك ئەم بیر و باوەڕە بەرهەم و موڵکی گرووپ بن، کە تاك سـەربەم گرووپەوەیە. بەم جۆرە هۆشـیاری کۆمەڵایەتی خۆی دەبینێتەوە لە هەر بیرکردنەوە و ڕەفتارێك کە ڕەچاوی تێگەیشتنی باوی کۆمەڵگە بکات (مصطفى و الطاهر، 2018: 105). بە جۆرێك ئەوەی بایەخێکی باوەڕی نەبێت، ئاسـان نییە کۆمەڵگە بیخاتە بڕوای تاك و گرووپەکانی. ئەم هۆشـیارییەی لە باوەڕەوەش بێت بێگومان کاریگەریی دەبێت بەسـەر کۆی ژیانی کۆمەڵایەتیی تاك و کۆمەڵگە. ڕەنگە پێکهاتەی تریش هەبن لە سـەرچاوەیەکەوە بۆ سـەرچاوەیەکی تر جیـابێـت، بەڵام ئەم جۆرە پۆلێن و دیاریکردنەمان بەم گوێرەیە بە درووست زانیوە.

ئەم سـێ بنچینەیە بە شـێوەیەکی تەواوکاری و لە یەك دانەبڕاون، لەم توێژینەوەیدا ڕوونتر وەك پێکهاتنی هۆشـیاریی کۆمەڵایەتی دەردەکەون، چونکە لە سـەرەتا خودی بەها وەك وەك وابینینێکی مەعریفی خۆی دەبینێتەوە لە بەرچاوڕوونی تاکەکان لەناو کۆی کۆمەڵگەکەدا و ڕێنموونی بیری تاك بۆ ئەوەی خوازراو و نەخوازراوە لە کۆمەڵگە. ئەمەش بەندە بەو سـایکۆلۆژیا کۆمەڵایەتییەی تاك لە کۆمەڵگەدا، بە تایبەت لایەنی دەروونی هاوبەشی سـەرجەم تاکەکان لەناو چوارچێوەی گرووپ و کۆمەڵگە، کە بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرییان هەیە لەسەر هاتنە ئارای هۆشیاریی کۆمەڵایەتی. دوا جار لەگەڵ ئەم دوو بنە مایە، پرسی ئا یدیۆلۆژیا و بیروباوەڕ بەشـە گرنگ و تەواوکەرەکەی دوو بنەمـاکەی پێشـووە کەوا لایەنی سـەرەکی بڕوا و ڕوانین و قەناعەتەکانی تاك دەگرنەوە، بۆیە هۆشـیاریی کۆمەڵایەتی چەندە هەڵقوڵاوی باوەڕی چەسـپاوی تاکەکانی کۆمەڵگە بێت، هێندە کاریگەریی زیاترە لەسـەر خودی تاك و گرووپ و کۆمەڵگە.

## پێنجەم: جۆرەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی

هۆشـیـاریی کۆمەڵایەتی بنچینەی پەیبردنە بە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمە هۆشـیارییە بوونیان و بونیادی کۆمەڵایەتییان دیاری دەکات، چونکە پرۆسـەیەکە یارمەتی تاك و گرووپ دەدات تاکو زۆر بەئاگاییەوە پەی بە بارودۆخی کۆمەڵایەتییانەوە ببەن، بەو ئەرکانەشی دەکەوێتە سـەریان (حميد، 2014: 29). هۆشـیاری خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێك تێگەیشتن و بیر و ڕۆشنبیری کە تاك بە دەستی دەهێنێت و ڕەنگدانەوەی تێگەیشـتنێکی فراوانی خودی خۆی و پرسـەکانی کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و بوونی ڕابردووی و ئێسـتا و داهاتوویەتی، بە گوێرەی کات و شـوێن لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و سـەردەمێکەوە بۆ سـەردەمێکی تر جیـاوازە و دەگۆڕێـت. مرۆڤ بە گوێرەی پەیوەنـدییەکانی و بەرکەوتەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتیـدا لەگەڵ لایەنەکانی ناو ژیانیـدا، پەی بەو بوارانە دەبات کە بەریان دەکەوێـت، ئینجـا بە گوێرەی جیـاوازی ئەو بوارانە مرۆڤ بەو هۆش و ئـاگـاییە لەگەڵیان دەکارێت، بە دیدێکی کۆمەڵناسـیانە لە دەرەوەی کۆمەڵگە شـتێك نییە پێی بگوترێ ژیانی تاك و گرووپ، بۆیە گشـت بوارەکانی تریش دەکەونە ناو کایەی کۆمەڵایەتییەوە، لەم سـۆنگەیەوە هۆشـیاریی کۆمەڵایەتییش بۆ چەند جۆرێك پۆلێن

دەکرێت، هەرچەند بە گوێرەی هەندێك سەرچاوە پێیان وایە ئەمە شێوەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە نەوەك جۆر، بەڵام دواجار هەرچیەك بن هەمووی لەبن چەتری هۆشیاریی کۆمەڵایەتیین، بۆیە توێژەر دەستەواژەی جۆری بەکارهێناوە، چونکە زیاتری سەرچاوەکان بەکاریان هێناوە.

**1.** هۆشیاریی ئەخلاقی: مەبەست لە ئەخلاق ئەم حوکمدانە ئەرێنی یا نەرێنییە کۆمەڵایەتییەیە لەسەر ڕواڵەتەکانی ڕەفتار، بوونی هۆشیاری بەم بەها و حوکمانە، بریتییە لە زانین و پەیبردن بە بەهای ئەرێنی و نەرێنی، کە زادەی کارلێکی کۆمەڵایەتییە بە پشتبەستن بە بەها و پێودانگەکان و ڕەفتاری قبووڵکراوی کۆمەڵگە و یاسا و ڕوانگە و وابینیە ئەخلاقییەکان لە واقعیدا کە هۆشیاریی ئەخلاقی ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە (أولیدوف، ب.ت: 70-71). هۆشیاریی ئەخلاقی خۆی دەبینێتەوە لە هەرچیەکی پەیوەستە بە کردەوەی مرۆڤ و ڕووداوەکانی ژیانی و پەیوەست بە جۆرەکانی ڕەفتاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی. گرنگیی ئەم جۆرەی هۆشیاریی لەوەدایە کە هەڵقووڵاوی ناخی کۆمەڵگە و بەها ئەرێنییەکانی تاکە لە یەکاتدا ڕەچاوی ویژدانی خۆی و باوێتی کۆمەڵگە دەکات.

**2.** هۆشیاریی دینی: بە گشتی دوو ڕەگەزی سەرەکی دەگرێتەوە، ڕەگەزی باوەڕی و ڕەگەزی کۆمەڵایەتی، کە یەکەمیان ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و هێزە سرووشتییەکان و ئاستی زانین و نەزانینی دیاردەکانی و پرۆسەکانی...هتد هاوکات ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان و مرۆڤ و ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی زاڵە بەسەریان. بەڵام ڕەگەزی دووەم خۆی دەبینێتەوە لە ڕەگەزی ئەخلاقی و بەرهەمی ململانێیە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان چینە جیاجیاکان. ئەم پۆلێنە بۆ هۆشیاریی دینی یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە کارلێك و ئاراستەکانی پەرەسەندنی، بەڵام ئەم جیاکردنەوە مانای ڕەتکردنەوەی کارلێکی نێوانیان نییە بە تایبەت لە ڕووی مێژووییەوە (عبدالجبار، 1990: 6). بۆ کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی کوردی گرنگیی ئەم هۆشیارییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان لەوەدایە، کەوا زۆرینەی کۆمەڵگە پابەندن بە درووشمەکانی دینی ئیسلامەوە، بۆیە ئەم هۆشیارییە لە هەر پرسێك دەبێ لەبەرچاو بگیرێت. بۆیە بە کارلێکی هەردوو ڕەگەزی باوەڕی و کۆمەڵایەتی، دەکرێ لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بگەین و لە کۆیۆوە سوود لە هەردوو لایەنی وەربگرین.

**3.** هۆشیاریی یاسایی: مەبەست لێی هەرچیەکی لای تاك هەیە لە مەعریفەی یاسایی چ لەسەر ئاستی کەسی و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، وەك دەرئەنجامێکی پەروەردەی یاسایی تاك کە لە کۆمەڵگەوە فێری بووە لە دامەزراوە جیاجیاکانی، هۆشیاریی یاسایی ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی هاوڵاتیە بە مافی گشتی و ئەو ڕوانینانەی وەك هاوڵاتی هەیەتی دەربارەی ماف و ئەرکەکانی، هاوکات دەربارەی یاسایی و نایاسایی ئەم ڕەفتار و ئەو ڕەفتار (العویسی، 2011: 178). بایەخی هۆشیاریی یاسایی لەوەدایە گەر هۆشیاریی ئەخلاقی پابەندییەکی ویژدانی بەسەردا زاڵ بێت یا لەگەڵ ئەوەش ڕەچاوکردنی کۆمەڵگە، بەڵام هۆشیاریی دینی پابەندیەکی دنیایی و قیامەتی بەسەردا زاڵ بێت، ئەوا پابەندبوون لە چوارچێوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، پتر پابەندییەکی ڕەسمییە و کەمتر وەك هۆشیارییەکانی تر پابەندیی نارەسمی تێدایە.

**4.** هۆشیاریی سیاسی: مانای تێگەیشتن و بیرکردنەوەیە لە کەشی سیاسی و جموجۆڵەکانی و پلانی یاریکەرە سەرەکییە سیاسییەکان و پەیبردن بە پرۆسەی سیاسی ناوخۆیی و دەرەکی بە تێبینیکردنی ڕووداوەکان و سیاسەتی هەنووکەیی و بزاوتی سیاسی ناوخۆیی و دەرەکی و نێودەوڵەتی و گشت هەڵسوکەتی سیاسەتی گەلی، وەك هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن و خۆپیشاندان...هتد. هۆشیاریی سیاسی ناکرێ چڕبکرێتەوە لە تاك یا گرووپ یا توێژێکی دیاریکراو، بەڵکو پەیوەستە بە تاك و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگە و سەندیکاکان وەکویەك، چونکە چەمکێکە مانای فراوانی هەیە، چەندە کۆمەڵگە هۆشیاریی سیاسی تێدا پتر بێت، ئەوا زیاتر دەگۆڕێت بەرەو چاکتر (آل صبي، 2017: 242). بەو پێیەی بواری سیاسی بە ئەندازەیەك فراوانە، پانتاییەکی زۆری کۆمەڵگەی داگرتووە، لە بچووکترین چالاکی تا باڵاترینی، ئەوا ناکرێ ئەم پرۆسەیە بە ناهۆشیارانە لە کۆمەڵگەدا بەردەوام بێت، بەڵکو بەرزیی ئاستی هۆشیاریی دەبێتە گرێنتی بوونی هۆشیارییەکی سیاسی کە کۆمەڵگە بە تێگەیشتنێکی بەرز و قووڵ بەڕێوەبچێت.

**5.** هۆشیاریی پەروەردەیی: لەسەر دامەزراوەی پەروەردەییە کە تەنیا زانیاریی نەگوازێتەوە بۆ خوێندکاران، بەڵکو چانسی پێدانی هۆشیارییەکی باشتریان هەبێت، بۆ ئەوەی کردارەکانیان کاریگەری بێت لەو ناوەندەی تێیدا دەژین (وطفة و الشهاب، 2003: 60). بە بوونی پەیوەندیی بەهێزی نێوان مامۆستا و خوێندکار و خێزان، پێویستی بە گەشەی گەورەی لە ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی باوان و مامۆستایان هەیە. بۆیە لەسەر دامەزراوەکانی پەروەردەیە هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە بەرز بکاتەوە هەر لە مامۆستا و بەخێوکەرانی خوێندکاران تا دەگاتە خودی خوێندکاران، ئەمەش بە پەروەردەیەك لەسەر بنەمای زانیاری زانستیی هاوچەرخ، بە ئامانجی بنیادنانی مرۆڤی ئازاد و پێگەیشتوو و توانادار بۆ بنیادنانی شارستانی مرۆیی (حسن، 2020: 155). گرنگیی هۆشیاریی پەروەردەیی بە تایبەتی لە بواری فێرکردن بایەخی زۆری هەیە و زۆریش بەهێزە، لەبەرئەوەی هەر بابەتێك بخرێتە چوارچێوەی ئەم پرۆسەیە لە پرۆگرام خوێندن دابنرێت، ئەوا کاریگەریی بەهێز جێدەهێڵێت لەسەر هەر قۆناخێك لە قۆناخەکانی خوێندن.

**6.** هۆشیاریی کولتووری: مەبەست لێی بوونی هۆشیارییە بە ژیانی ڕۆژانە بە کۆی خوو و داب و نەریت و کارلێك و چالاکی گشتیی خۆکرد و ڕێکخراو. هەر خۆی هۆشیاریی کولتووری لە کۆی گشتی خۆی دەبینێتەوە لە زانین و فێرکردنی هەموو ئەوانە. بوونی هۆشیارییش بەوانە ئەوا تاك باڵاتر بۆ ئاستێکی بەرزتری کۆمەڵایەتی (محمد، 1980: 222). کولتوور وەك پرۆسەیەکی بەردەوامی ژیانی مرۆڤ بە تایبەتی بە دیوە نارەسمیەکەی بەردەوام بەرکەوتەی ژیانی مرۆڤە، بۆیە هەر پرسێکی هۆشیاری ببێتە بەشێك کولتووری تاکەکان لە کۆمەڵگە ئەوا ئاسانکاریی دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخە ناهەموارەکانی کۆمەڵگە.

**7.** هۆشیاریی تەندرووستی: مەبەست لێی ناساندن و فێرکردنی نەریتی باشی تەندروستی، ڕەفتاری نوێی تەندروستی، هاوکاریکردن بۆ گۆڕینی ئاڕاستە و بۆچوونە هەڵەیە تەندروستیەکان و گۆڕینیان بە ڕەفتاری باش، هاوکات دروستکردنی هۆشیاریی لای تاکەکان و ئاگادارکردنەوەیان لە مەترسییەکان کە هەڕەشەن بۆ سەر ژیان (محمدأمین، 2021: 6). بوونی هۆشیاریی تەندروستی لە کۆمەڵگەدا گرنگی لەوەدایە هەندێك لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان لێکەوتەی خراپی تەندروستیشیان هەیە، بۆیە کۆنترۆڵکردنیان بە هۆشیارییەکی وا دەکرێت.

**8.** هۆشیاریی ئابووری: بریتییە لە زانیاری و تێگەیشتن و ڕوانینی تاکەکان سەبارەت بە پرسی ئابووری، بە تایبەتی لە بەڕێوەچوونی کەرتی ئابووری و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە و چۆنییەتی بڕیاردانی تاکەکان لەم بوارە، چونکە بواری ئابووری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا زۆر گرنگە و کاریگەریی لەسەر کوالیتی ژیان و

بژاردەی تاکەکان و ڕەخساندنی هەلی کار، و سامان خستنەوە هەیە. ئەو هاوڵاتیانەی هۆشیاریی ئابووریان هەیە، دووربینن لە ئاکامی بڕیارە ئابوورییەکان و لێکەوتەکانی (العوفي، 2018: 18). بوونی هۆشیاریی ئابووری لە کۆمەڵگەدا هەر لەوەدا نییە لە کاتی کێشە و قەیرانەکاندا یارمەتیدەر بێت لە بیرکردنەوە لە دەرچەیەك، بەڵکو پێشوەختە دووربینە لەوەی کۆمەڵگە بە ئاسانی نەکەوێت کێشەی ئابوورییەوە، بە هەمان شێوە چارەسەرکارە لەو کێشە نائابووریانەی لێکەوتەی ئابووریيان هەیە.

**9.** هۆشیاریی ژینگەیی: مەبەست لێی بایەخدان و زێدەکردنی شارەزایی و زانیارییە لەسەر ژینگە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ژینگەیە هەڵ بکات کە تێی دەژێت، لەگەڵ هۆشیاری هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییە بەرامبەر ژینگەپارێزی، لەپێناو ژیانی ئەو ساتەوەختەی تێیدا دەژیت و ژیانی نەوەکانی داهاتوو (محمد وآخرون، 2006: 304). هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بە گشتی و ژینگەیی بە تایبەتی، ڕووبەڕووی مەترسیدارترین دیاردەی ئەم سەردەمە دەبێتەوە ئەویش پیسبوونی ژینگەیە. هۆشیاریی ژینگەیی هەر تەنیا بوونی زانیاریی و شارەزایی نییە لەسەر ژینگە، بەڵکو چۆنییەتی مامەڵەکردن و بەرکەوتنی ئەرێنی لەگەڵ ئەو ژینگەیە، بە هەمان شێوە پاراستنی ژینگە بە شێوەیەکی دروست تاکو وەك نشینگەیەک بۆ ژیان بمێنێتەوە، هەم بۆ تاك خۆی هەم بۆ نەوەکانی داهاتوو. هاوکات بوونی زانیاریی و مەعریفە لەسەر ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی ژینگە دەبێت چ مەترسی ڕاستەوخۆ بن یاخود مەترسی ناڕاستەوخۆ، بەردەوام بن یان کاتی، دەرەکی بن یاخود ناوەکی. بۆ ئەوەی بتوانێ ڕووبەڕووی ئەو مەترسیانە ببێتەوە بە شێوەیەکی دروست و هۆشیارانە و لادانی هەر مەترسیەك ژیانی تاك و ژینگەکەی بخاتە مەترسییەوە.

**10.** هۆشیاریی تر: کۆمەڵێك جۆری تری هۆشیاریی وەك جوگرافی و فەلسەفی و لۆژیکی و زانستی سرووشتی و..هتد زۆری تریش هەن، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا زۆر پێویستمان نەزانین بە ئەندازەی جۆر و شێوەکانی تری هۆشیاریی کە باسکران.

## شەشەم: ئەرکەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە بەستنەوەی تاك بە کۆمەڵگە

وەك بنیادێکی کۆمەڵایەتی ئامرازێکی کارای بەرزکردنەوەی کوالیتی ژیانی تاك و کۆمەڵگەیە، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك ئەرکی هەیە لەپێناو تۆکمەکردنی کەسایەتیی تاك و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە، بە گوێرەی شێواز و ڕێگەی جیاجیا، لەو ئەرکانەی هەیەتی:

**1.** ئەرکی پەروەردەیی: هۆشیاریی کۆمەڵایەتی ئەرکێکی پەروەردەیی هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە گواستنەوەی میراتی کەلەپووری و کۆمەڵایەتی گەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگە بە یەکتر بە گوێرەی تەمەن، بۆ گواستنەوەی ئەزموون و شارەزایی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. لە لایەکی ترەوە هاندانی پرۆسەی خوێندن بە کارامەییەکانی فێربوون لە میکانیزمەکانی گەشەی هۆشیاریی پەروەردەیین، ئەمەش بە یارمەتیدانی فێرکاران و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و بیری و کولتووریان و لەوانیشەوە بۆ فێرخوازان (عبدالوهاب، 2024، 544). گرنگیی ئەم ئەرکە لەوەدایە دەتوانێ ئاسان ئامانج بپێکێت لەبەرئەوەی لە سەرەتای ئەزموونی خوێندن و فێرکردندا، ئاسان دەتوانرێ پەروەردە بچێنرێت، نەوەش دوای نەوە بگوازرێتەوە و ببێتە بەشێك لە خودی تاك.

**2.** ئەرکی مەعریفی: خۆی دەبینێتەوە لە وردبوونەوە لە شێوازەکانی ژیانی گشتی، جا پەیوەست بێت بە بەرژەوەندیی تایبەت یاخود پەیوەست بێت بە بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتییەوە، هاوکات ئاستی گونجانیان لەگەڵ خو و نەریت و سیستەمی بەهایی لە هەرچییەکی پەیوەستە بە هەوڵدان بۆ دەستکەوتنی هەر سوودێك و ئاستی ڕەوایەتی ئەم هەوڵدان. لەمەدا هۆشیاریی کۆمەڵایەتی سەنگی مەحەکی بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاکەکانە لە هەڵوێستە جیاجیاکان (مصطفى و الطاهر، 2018: 113). پرۆسەی مەعریفە پرۆسەیەکی بەردەوامە لەگەڵ ژیانی تاك و بەرکەوتنی بەردەوامی لەگەڵ کۆمەڵگە، ئەم هاوسەنگییەی تاك ڕادەهێنێت لە کۆمەڵگە، بوونی هۆشیارییەکی قووڵی کۆمەڵایەتییە، چەندە تەمەن هەڵدەکشێت، پێویستە ئاستی ئەم هۆشیارییە بەرزتر ببێتەوە، بە تایبەت کاتێك ژیان لە سادەوە بەرەو ئاڵۆز دەچێت.

**3.** ئەرکی پشتیوانی گشتی: مەبەست لێی پشتیوانییە لە کۆی چالاکی و کردە نیشتیمانی و کولتووریەکانی کۆمەڵگەیە بە دەستە و توێژە جیاجیاکان، جا هەر دامەزراوەیەکی کۆمەڵگە ئەنجامیان بدات، کە ڕووبەڕووی کێشە و دیاردە ناشارستانییەکان ببێتەوە، بە پشتیوانی لە ڕەفتاری قبووڵکراو و گونجاو لەگەڵ بەهای کۆمەڵگە و کولتووری باڵا (معوض، 1982: 123). ئەم پەیڕدنە کۆمەڵایەتییە وا دەکات ئاسۆی بیرکردنەوەی مرۆڤ فراوانتر بێت، کەوا پشتیوانی فراوان بکات لە هەرچییەکی بە سوودی خۆی کۆمەڵگەکەیدا دەشکێتەوە، هاوکات هۆشی هەبێت بە هەرچییەکی زیانبەخشە و نەرێنییە بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی.

**4.** ئەرکی هاوسەنگی: بە هۆی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییەوە تاك پەی دەبات بە ئەرك و ماف و خواستەکانی لە کۆمەڵگە، هەر بە هۆی ئەمیشەوە هاوسەنگی دەکات لەنێوان خواست و پاڵنەرە کەسی و بایەخدان بەوانی تر، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لەو بنیادە کولتوورییەی تاك تێیدا دەژیت و لەم شێوازانەی ڕەفتاری باو لە کۆمەڵگەدا (الخطيب، 2002: 79). هۆشیاریی تەرازووی هەڵسەنگاندنی ڕەفتارەکانە، بە هۆی هۆشیارییەوە دەتوانین ئەم گوتار و ئەم ڕەفتارە بسەنگێنین (البلداوي، 2013: 11). هۆشیاریی هەم بەرپرسیارێتی تاك بەرز دەکاتەوە و هەم هاوسەنگییە ڕادەگرێت بۆ ئەوەی تاك ون نەبێت لەناو مافە گشتییەکان، هەم کۆمەڵگە تووشی گێژاو نەبێت لەنێوان پێکدادانی خواستە کەسییەکان. بەبێ بوونی ئەم هاوسەنگییە بێگومان کۆمەڵگە بە ئاراستەیەکی درووست ناڕوات بە ڕێوە و بە ئەگەری زۆرەوە تووشی شپرزەیی دەبێت.

**5.** ئەرکی گۆڕانکاری: وەك وەڵامدەرەوەیەکی خواستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تۆڕی پەیوەندی و کارلێکەکانی، ئەوا پێویست بە کۆمەڵێك گۆڕانکاری دەکات کەوا هەر لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی پێکهاتەکانی بگرێتەوە لە ماوەیەکی دیاریکراوی کاتی، ئەرکی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە کە ئەم گۆڕانکارییە ئاراستە بکات ببێتە بەهێزکەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کەمکردنەوەی کێشەکان (عرعور و حميدي، 2016: 72). هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی زامنی ئەوەیە کەوا کۆمەڵگە بپارێزرێت لە چەقبەستوویی و مانەوە لە دۆخێکی نەگۆڕ، هاوکات وەك کاردانەوە بەرامبەر چەقبەستوویی، زۆر جار گۆڕانی کتوپڕ و بێسەروبەر لە کۆمەڵگە ڕوودەدات، دەبێتە هۆی ئاژاوەی کۆمەڵایەتی، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی گرێنتی ئەوەشە کەوا ئاڕاستەی ئەم گۆڕانە بکات بۆ ئەرێنیبوونی بە شێوەیەکی گشتی.

لە کۆی ئەمەی ڕابرد دەردەکەوێت کە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، ئەرکی زۆر و بەرچاوی هەیە لە کۆمەڵگە، بەرامبەر هەر لایەنێك لە لایەنەکانی کۆمەڵگە و هەر بوارێك ئەرکی خۆی هەیە، بەڵام ئەم ئەرکانەش وەك تۆڕێکی بەیەکەوە گرێدراو کار دەکەن، واتە لە یەك کاتدا گشت ئەم ئەرکانە ڕادەپەڕێنێت، بە ئەندازەی جیاجیا بە گوێرەی ئەم هەلومەرجەی تاك و کۆمەڵگە پێیدا تێدەپەڕن،

بۆ ئەوەی تاك و كۆمەڵگە بە ڕێیەكی دروســـت و لەبار ئاڕاســـتە بكات، تا لە ئاســـتێكی بەرزی بیركردنەوە و مەعریفەدا بێت، دۆخی گشـــتی لە كۆمەڵگەدا بەرەو پێشكەوتووتر و كوالێتی بەرزتر ببات.

### حەوتەم: ڕۆڵی هۆشیاریی كۆمەڵایەتیی لەسەر ئاستی تاك و كۆمەڵگە

هۆشـــیاریی كۆمەڵایەتی وەك لە بابەتەكانی پێشـــوو ئاماژەی پێكراوە ڕۆڵی گرنگی دەردەكەوێت، بۆیە لەم باســـەدا گرنگە باس لەم ڕۆڵە لەســـەر ئاســـتی تاك و كۆمەڵگە بكەین. ئەوەی جێی سەرنجە ئەم بابەتە ئاسان نییە وا دابەش بكرێت، چونكە تاك بە گشـــتی هۆشـــیاریی كۆمەڵایەتیەكەی بەدەر نییە لە كۆمەڵگەكەی. بەڵام دەتوانرێت بە گشـــتی باس لە ڕۆڵی هۆشـــیاریی كۆمەڵایەتی بكرێت، توێژەر شرۆڤەی ئەوە بكات كەوا تاك بە تەنیا چۆن ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت و لە كوێی كۆمەڵگەدا دەكەوێتە ناو ڕۆڵە كۆمەڵگەییەكەی.

لەسەر ئاستی تاك، هۆشیاریی كۆمەڵایەتی دیاریكەری گشت ئاڕاستەكانی تاك و هەڵوێستەكانیەتی سەبارەت بە پێشهات و ڕووداوە كۆمەڵایەتییەكان، ئەمەش شێوەی مـامەڵەكردن لەگەڵ چالاكییە مـادی و مەعنەوییەكانی تاك پێـك دەهێنێـت، هـاوكات ڕێنیشـاندەریەتی بۆ ئەم خواسـتانەی هەیەتی، بە واتایەكی تر هۆشـیاریی كۆمەڵایەتی دێت بوونی تاك دەبەستێتەوە بە گرووپ و چین و كۆمەڵگەیەكی دیاریكراو، بە هەموو شێواز و هەل و ڕێكاری تێركردنی پێویستییە ڕۆحی و ماددیەكانی (مسعود، 2011: 46). بۆیە هۆشیاریی كۆمەڵایەتی لەم دۆخەدا كار لەسەر بارودۆخی تایبەتی تاكەكان و سرووشتی گرووپ و ئەو چینە دەكات كە تاك ئینتیمای بۆی هەیە، وەك ئەو ژینگەی تێیدا دەژیت.

هۆشـیاریی كۆمەڵایەتی وا دەكات تاك خۆی بناسـێت، ئاشـنای هەسـت و بیر و تواناكانی و پەیوەندییەكانی نێوان ئەم هەست و بیرانەی بێت، هاوكات هۆشی بڕیاردانی كەسی هەبێت و بزانێت ئاكامی بڕیارەكانی چی دەبن ، بۆیە كەســـانی هۆشـــیار بەم توانای هەســـت و پەیبردن و بڕیاردانەی هەیانە، لە بیركردنەوە و ڕەفتاریان ئەرێنین و ئاســـان مل نادەن و هەڵوێســـتیان لاواز نییە، بە پێچەوانەشـــەوە تاكی كەم هۆشی كۆمەڵایەتی، پەیبردنی لاوازە و ئاسان ناتوانێ دەربچێت لە شكست، هاوكات تاكێكی بێدەسەڵات دەردەچێت(الخالدي، 2014: 12).

هەر بۆیە لێرەدا هۆشیاریی كۆمەڵایەتی خۆی دەبینێتەوە لەم پرۆسەی كەوا ئەقڵ ئەنجامی دەدات بە بەكارهێنانی ئەو زانیارییانەی كۆی كردۆتەوە، بۆ گوزارشـــتكردن لە پەیبردنە هەســـتەكییەكان و ماناكانیان، چونكە تاك ڕەنگە ڕاڤەی ئەو پەیامانە نەكات كە دەیگاتێ، بە هەمان ئەو واتایەی كە خودی پەیامەكان هەیانە، بەڵكو لێكدانەوەی ئەم پەیامانە لە چوارچێوەی كارلێكێك دەبێت لەنێوان ئەو هێمایانەی وەری دەگرێت و ئەو زانیاریانە پەیوەندیدارانەی پێشـــتر هەی بووە و پشـــتیان پێوە دەبەســـتێت، هاوكات هەندێ جار هۆشـــیاریی كۆمەڵایەتی هەر بەم ســـادەییە لە تاك ناگەڕێت بەڵكو تاك دەخاتە قووڵایی بیركردنەوە ســـەبارەت بە پشـــت پرۆســـەكانی دەوروبەری ژیانی، ئامانجیش لەمە پەیبردنە بە ناوەڕۆكی بابەتەكان و پەیوەندییەكان و مامەڵەكردن لەگەڵ پێشـــهاتە نوێیەكان (مســـعود، 2011: 105). كەواتە هۆشـــیاریی كۆمەڵایەتی لەســـەر ئاســـتی تاك لە چوارچێوەی هۆشـیارییەكی تێربوونی ویسـتەكان دەبێت، ڕەنگە هەندێ جار پێویســـتی بە بیركردنەوەی قووڵ نەبێت، یاخود خێرایی بێت و ڕووكەش لەگەڵ دیاردە و هەڵوێســـتەكان بكارێت. ئەمە ئەو هۆشـــیارییەیە لە قووڵایی دیاردەكان و هەڵوێسـتەكان، بە مەبەسـتی لێكدانەوەی هۆكارەكان و ڕاڤەكردنیان و شـیكردنەوەیان بۆ پێكهاتەكانیان، بۆ ئەوەی تاك ب پەی بە تەواوی لایەنەكان و پێكهاتەكانیان ببات.

بەڵام لەســـەر ئاســـتی كۆمەڵگە بە گشـــتی ئەوا هۆشـــیاریی خۆی دەبینێتەوە لە بەشـــدارییكردنی هۆشـــیارییەكەی هاوبەش لە كۆمەڵگەدا، وەك دەرئەنجامێكی كارلێكی نێوان خود و جیهـانی مـادی دەوروبەری تاك، كە خۆی لە خۆیـدا ڕۆڵێكی گرنـگ دەگێڕێت لە پەرەسەندنی كۆمەڵایەتی، كە دەشێ ڕۆڵێكی ئەرێنی هەبێت، چونكە ئەم بیرۆكانەی لای تاك هەن یارمەتیـدەری پەرەســـەنـدنی كۆمەڵگەن، هۆشـــیاریی كۆمەڵایەتییش بنەمایەكی بەهێزی كۆمەڵگەیە كە ئاســـتەنگەكانی بەردەم پێشـــكەوتنی كۆمەڵگە لادەدات، لە بەرامبەر هەر بێســـەروبەریەكیش ئەوا هۆشـــیاریی كۆمەڵایەتی ڕۆڵی بەهێزی هەیە لە ســـەقامگیری كۆمەڵگە، لە ئەگەری دواكەوتنی كۆمەڵگەش، ئەوا هۆشـــیاری كۆمەڵایەتی مایەی هەســـتانەوە و بێداری كۆمەڵگەیە، ئەمەش بە بەرزكردنەوەی ئاســـتی تاكەكانی. دواجار تەنانەت گۆڕانێكی كۆمەڵایەتییش بەندە بە هۆشیاریی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگەوە (الهمزاني، 1988: 54).

لێرەدا دەگەینە ئەم تێگەیشتنەی كەوا هۆشیاریی كۆمەڵایەتی كە ئاڕاستەكەری تاكە، لە كۆی كۆمەڵگەدا وەك سیستمێكی گشتی لەكاردا دەبێت. واتە تاك وەك بەشێكی كۆمەڵگە هەم كارتێكراوە هەم كاریگەر، لە چوارچێوەیەكی گشتی بنیادە گەورە كۆمەڵایەتیەكە كە ئەویش كۆمەڵگەیە، چونكە گەرچی ڕۆڵی هۆشیاریی لای تاك وەك پرۆسەیەكی بیری سەرەتای بوونی ئەم پەیبردنەیە، بەڵام لەبەرئەوەی لە دەرەوەی كۆمەڵگە، بە دیدە كۆمەڵناسییەكە شتێك نییە بە ناوی هەر چالاكیەكی كۆمەڵایەتیی تاك، بۆیە دواجار ڕۆڵە گرنگەكەی هۆشیاریی لە كۆمەڵگەدا لەسەر ئاستی گشتیدا دەبێت. لە ڕووی ئەم هۆشیارییە كولتوورییەی تاك فێری دەبێت لە كۆمەڵگە و ئەم هۆشیاریی سیاسییەی لە كەناڵ و دامەزراوە سیاسییەكانەوە تاك ئاوێتەی دەبێت، ئەم هۆشیارییە دینییەی تاك لە پەرستگە و دینی باوی كۆمەڵگە فێری دەبێت، ئەم پەیبردنەی بە بواری ئابووری كە تاك فێری دەبێت، كۆی ئەو مەعریفە و زانیاریانەی كۆ دەبنەوە لە بیری تاك، كە سەرچاوەكەی كۆمەڵگەیە، دواجار كۆی تاكەكانیش لەناو ئەم ڕۆڵە كۆمەڵایەتییەی هۆشیاریی جووڵە دەكەن، لەناو خودی كۆمەڵگەدا خۆی دەبینێتەوە.

## بەشی سێیەم
## ئەنجامگیری

لێرەدا مەبەست لە كۆی ئەم ئەنجام و دەرەئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازانەیە لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پێیان گەیشتووە. كە بۆ ئەوەی ڕوونتر و جیاوازتر بن، هەریەكەیان بە جیاواز و بە خاڵ دەخرێنە ڕوو.

### ئەنجامەكان

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەكی تیۆری لە هۆشیاریی كۆمەڵایەتی توێژیوەتەوە، بە ڕوانین لەم باسانەی لەم توێژینەوەیەدا خرانەڕوو، توێژەر گەیشتووە بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. هۆشیاریی پرۆسەیەكی بەردەوامی پەیبردنێكی ئەقڵی و مەعریفی تاك لەناو كۆمەڵگەدا، واتە تاك لە كۆمەڵگەدا وەری دەگرێت لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییەكانی لەگەڵ دامەزراوەكانی كۆمەڵگە هەیەتی.
2. بەم پێیە ئەو هۆشیارییە كۆمەڵایەتییەی تاك لە كۆمەڵگەوە دەستی دەكەوێت، جۆراوجۆر و فرە شێوەیە، بە هۆی ئەم هۆشیاریەی لە هەریەك لە دامەزراوەكانەوە دەستی دەكەوێت.
3. كۆمەڵگە بە شێوەیەكی گشتی لە كۆمەڵێك دامەزراوە پێكهاتووە، هەر

دامەزراوەیەکیش وەك بنیادێکی کۆمەڵایەتی ئەرکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر هۆشیارییەك بەرهەمی ئەم دامەزراوەیە، وەك جۆرێکی هۆشیاریی لە چوارچێوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت.

4. هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە خۆوە پێك نایەت، بەڵکو پێکهاتەکانی وەك بەهاکان و سایکۆلۆژیای هاوبەش و بیروباوڕە، بە شێوەیەك کە تەواوکەری یەکترن و لە یەکتر دانەبڕاون، بە یەکەوە دەبنە هۆی هاتنە ئارای هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، جا لە هەر جۆر و دەرکەوتەیەکی بێت.

5. هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، ئەرکی جیاجیا و بەرچاوی هەیە لە کۆمەڵگە، بەرامبەر لە هەر بوارێك لە بوارەکانی کۆمەڵگە ئەرکی خۆی هەیە، بەڵام ئەم ئەرکانەش وەك تۆڕێکی بەیەکەوە گرێدراو کار دەکەن، واتە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە یەك کاتدا گشت ئەم ئەرکانە ڕادەپەڕێنێت.

## دەرئەنجامەکان

بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێك، لەم خاڵانەی خوارەوە:

1. تاکەکان و کۆمەڵگەکان لە ڕووی هۆشیارییەوە لە یەکتر جیاوازن، چەندە ئاستی هۆشیاریی تاك و کۆمەڵگە بەرز بێت و پانتایی ئەم هۆشیارییەی فراوان بێت، ئەوا بەشێوەیەکی تەندروستتر مامەڵە لەگەڵ گشت کایەکانی کۆمەڵگەدا دەکەن، بە پێچەوانەشەوە کەمیی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی وا دەکات چالاکییەکانی بە ئاراستەیەکی دروستدا نەچن.

2. بە دەر لە کۆمەڵگە، بوونی تاك ئەستەمە، بەڵکو تاك زادەی کۆمەڵگەیە، هەرچییەکی تاك کە لە ژیانیدا وەری دەگرێت لە کۆمەڵگەوەیە، بۆیە شێوەیەکی گشتی تاك وەرگری هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لە هەمان کاتدا تاك ڕۆڵی هەیە لە کۆمەڵگە، بۆیە لە پرۆسەیەکی وەك هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، تەنیا وەرگر نییە بەڵکو دەشێ لە هەمان کاتدا دەستی دەبێت لە بەرهەمهێنانەوەی هۆشیاریی، بەم جۆرە تاك لەناو پرۆسەیەکی بەردەوامی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا دەبێت.

3. بەم پێیەی ئەم ئەرکە پەروەردەیی و مەعریفی و هاوسەنگی و گۆڕانکارییانەی لەسەر هۆشیاریی کۆمەڵایەتین، ئەوا تاکی هۆشیار، کە ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ، دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت لە کۆمەڵگەدا و ئاراستەکار بێت و پارێزەری کۆمەڵگە بێت کە وەك ڕاگری هاوسەنگی، و بکەری سەرەکی بێت لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، لە پەروەردەکراوە و بۆ پەروەردەکار ڕۆڵ لە کۆمەڵگەکەیدا بگێڕێت.

4. بە شێوەیەکی کۆمەڵگە لە گۆڕانی جۆراوجۆر و بەردەوامدایە، ئەوا بوونی ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە ئاراستەیەکی وادا بچێت بە سوودی گشتیدا بکەوێتەوە، چونکە هەم دەتوانێت کۆمەڵگە بپارێزێت لە چەقبەستوویی، هاوکات ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لەوەی هەرچییەکی لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدات تاك وا هۆشیار بکات بە ئاستێکی بەرزیی مەعریفییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و ڕۆڵی چارەسەر ببینێت.

## ڕاسپاردەکان

دوای باسکردنی کۆی بابەتەکانی پەیوەست بە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و پێکهاتە و ئەرك و ڕۆڵەکانی لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسی و خستنەڕووی کۆمەڵێك ئەنجام و دەرئەنجام، توێژەر بە ئامانجی سوودی گشتیی کۆمەڵگە، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

1. بۆ دامەزراوەی خێزان: وەك ئەوەی باوە لای زۆربەی کۆمەڵناسان خێزان یەکەم و سەرەکیترین پێکهاتەی کۆمەڵگەیە، ئەرکی خستنەوەی بایۆلۆژی و قۆناخی سەرەتای پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە، بۆیە گرنگە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا بەردەوام هۆشیاربکرێنەوە تاکو خێزانێکی وا پێك بهێنن، نەوەیەکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بخەنەوە.

2. بۆ دامەزراوەکانی پەروەردە: لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەر لە قۆناخەکانی بنەڕەتییەوە، پێویستە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لەناو زۆربەی بابەتەکانی خوێندندا هەبێت، بەو پێیەی کە تاك لەم قۆناخەدا دەتوانرێت ئاسانتر ئاراستە بکرێت و هۆشیار بکرێت.

3. بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن: زۆر گرنگە لە هەر پرۆسەیەکی هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە هەر بابەتێك یاخود کێشەیەك لە کۆمەڵگە، ڕاوێژی کەسانی پسپۆڕ و شارەزای کۆمەڵناسی بکەن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بگەیەنرێتە تاکەکانی کۆمەڵگە.

4. بۆ دامەزراوە کارگێڕییەکان: دامەزراوەکانی دەوڵەت لە بواری جیاجیا پێکهاتوون و هەریەکەیان تایبەت لە بواری خۆیدا کار دەکات، بە یەکەوەش وەك سیستەمێکی یەکانگیرن، بۆیە گرنگە هەریەکەیان بایەخ بدات بەو جۆرە هۆشیارییەی کەوا پەیوەستە بە بواری کار و چالاکییەکانی خۆی.

## پێشنیازەکان

لە دوای ئەم ڕاسپاردانەی توێژەر خستووەتیەڕوو بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بە پرسی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، ئەوا لێرەدا بە پێویست دەزانرێت چەند پێشنیازێك بخاتەڕوو:

1. بۆ ئەوەی پرۆسەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی زانستی و قووڵ کاریگەریی ئەرێنی لەسەر تاك و کۆمەڵگە ڕەنگدانەوەی هەبێت، پێشنیاز دەکەین سەرچاوەی ناوەخۆیی و جیهانی لەسەر ئەم بابەتە بڵاوبکرێتەوە بە تایبەت لە بواری نووسیندا.

2. بە مەبەستی ئەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی وەك چەمکێکی کۆمەڵناسی بە مانای خۆی بگاتە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، ئەوا پێشنیاز دەکەین کە توێژینەوەی تری تیۆری لەسەر ئەم چەمکە ئەنجام بدرێت و ببەسترێتەوە بە گۆڕاوی دیکەی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ نموونەی جیاوازی کۆمەڵگە لە شوێنی جیاجیای ئەم کۆمەڵگە توێژینەوەکان ئەنجام بدرێن.

## سەرچاوەکان

### کتێبی کوردی:

سادق، فوئادی تاهیر، 2008، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، چ1، هەرێمی کوردستان: مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

### ماستەرنامە و تێزی دکتۆرای کوردی:

محمدأمین، شاکار عبدالقادر، 2021، رۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان (لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی کۆڤید19)، هەرێمی کوردستان: زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە.

### کتێبی عەرەبی:

أحمد، سمير نعيم، 2006، النظرية في علم الاجتماع (دراسة نقدية)، ط.10، مصر: دار المعارف.
آل صبي نجفي، اعلاءالدين عبدالزهراء، 2017، إدارة التأنس في الاجتماع والسياسة، ط:1، ايران - قم: المجتبى للطباعة المحدودة.
إمام، إمام عبدالفتاح، 1985، دراسات هيجلية، القاهرة: دار الثقافة للنشر و التوزيع.
أوليدوف، أ. ك، ب.ت، الوعي الاجتماعي، ت: ميشيل كيلو، دار ابن خلدون .
البلداوي، عدي عدنان، 2013، صناعة الوعي، ط:1، العراق: مؤسسة البلداوي للطباعة.
حجازي، مصطفى، 2005، الانسان المهدور دراسة تحليلية نفسية اجتماعية، ط:1، لبنان & المغرب: المركز الثقافي العربي.
حسن، د. لينا، 2020، علم الاجتماع التربوي، الجمهورية العربية السورية: منشورات جامعة حماه.
حميد، بشير ناظر، 2014، دراسات في علم الاجتماع، العراق: دار نيبور للطباعة والنشر والتوزيع .
الخطيب، سلوى عبد المجيد، 2002، نظرة معاصرة في علم الاجتماع المعاصر، القاهرة: مطبعة النيل للطباعة والنشر والتوزيع.
خليل، بكري، 2002، الأيديولوجيا والمعرفة، ط:1، الأردن عمان: دار الشروق للنشر والتوزيع.
شرف، د. محمد ياسر، 2010، الوعي الاجتماعي والتقدم، تونس: منظمة الطليعة العربية.
الصالح، مصلح، 1999، الشامل قاموس مصطلحات العلوم الاجتماعية أنجليزي – عربي مع تعريف و شرح المصطلحات، ط:1، المملكة العربية السعودية: دار عالم الكتب للطباعة والنشر و التوزيع
عبدالجبار، د. فالح، 1990، بنية الوعي الديني والتطور الرأسمالي - دراسات أولية، ط1، دمشق: مركز الأبحاث و الدراسات الإشتراكية في العالم العربي.
عليان، ربحي مصطفى و غنيم، عثمان محمد، 2000، مناهج وأساليب البحث العلمي – النظرية والتطبيق، ط1. عمان: دار الصفاء للنشر والتوزيع.
عماد، عبدالغني، 2017، سوسيولوجيا الهوية- جدليات الوعي والتفكك وإعادة البناء، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.
عماشه، سناء حسن، 2010، الاتجاهات النفسية والاجتماعية: أنواعها مدخل لقياسها، مصر: مجموعة النيل العربية.
العويسي، 2011، الوعي السياسي للمعلمين إطار منهجي حول دور القانون في تعزيز السلوك المهني الإيجابي، ط:1، أبوظبي: دار الكتاب الجامعي.
غدنز، انتوني، 2005، علم الاجتماع. ترجمة: فايز الصباغ، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
غيث، محمد عاطف، 2006، قاموس علم الاجتماع، مصر- الاسكندرية: دار المعرفية الجامعية.
ليلة، علي، 1983، النظرية الاجتماعية المعاصرة دراسة لعلاقة الإنسان بالمجتمع، ط2، القاهرة: دار المعارف.
محمد، ماهر اسماعيل صبري وآخرون، 2006، التربية البيئية (من أجل بيئة أفضل)، الرياض: مكتبة الرشيد.
محمد، محمد علي، 1980، الشباب والمجتمع - دراسة نظرية و ميدانية، مراجعة و تقديم: محمد عاطف غيث، ط1، الإسكندرية: الهيئة المصرية العامة للكتاب
مسعود، احمد طاهر، 2011، المدخل إلى علم الاجتماع العام، المملكة الاردنية الهاشمية: دار جليس الزمان للنشر و التوزيع .
معوض، خليل ميخائيل، 1982، علم النفس الاجتماعي، ط1، المغرب - الدار البيضاء: دار النشر المغربية
نخبة من الاساتذة المصريين والعرب المتخصين، 1975، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، تصدير و مراجعة الدكتور ابراهيم مدكور، القاهرة: الشعبة القومية للتربية والعلوم والثقافة "يونسكو"، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
وطفة، د. علي أسعد و الشهاب، د. علي، 2003، علم الاجتماع المدرسي بنوية الظاهرة و وظيفتها الاجتماعية، ط:1، الكويت: جامعة الكويت، كلية التربية، المؤلفين.

### ماستەرنامە و تێزی دکتۆرای عەرەبی:

الخالدي، عبدالرحمن بن منيف، 2014، الوعي الذاتي وعلاقته بالتوافق النفسي لدى طلاب وطالبات المرحلة الثانوية، السعودية: جامعة الملك عبدالعرزيز، الدراسات العليا، برنامج الدراسات العليا التربوية، رسالة ماجستير غير منشورة.
حفظي، احسان محمد، 1992، الوعي والمشاركة ودورها في إنجاح التنمية الحضري، مصر: جامعة الإسكندرية، كلية الآداب، رسالة ماجستير غير منشورة.
الهمزاني، نسائم، 1988، علاقة الواقع الاجتماعي بالوعي الديني لدى مسلمي ألبانيا دراسة ميدانية، الرياض: جامعة الامام محمد بن سعود، قسم الاجتماع، أطروحة دكتوراه غير منشورة.

### گۆڤاری زانستیی عەرەبی:

عبدالوهاب، أ. محمود جلال، 2024، مداخل تنمية الوعي التربوي لدى معلمي التعليم قبل الجامعي (رؤية تحليلية)، مصر: جامعة سوهاج، كلية التربية، مجلة شباب الباحثين، عدد 22، ج:4، يونيو.
عرعور، د. مليكة & حميدي، د. سامية، 2016، دور الاعلام في تشكيل الوعي الاجتماعي حيال محاربة الارهاب، الجزائر: المعهد الدولي العالي للاعلام، مجلة البحوث والدراسات الاعلامية، ع:1، ج:1، يوليو.
العوفي، محمد بن علي، 2018، دور مؤسسات التعليم العالي في تمنية الوعي لدى الشباب في ظل الظروف الاقتصادية غير المستقرة في دول المنطقة رؤية مقترحة، الأردن: مركز، البحث وتطوير الموارد البشرية، مجلة رماح للبحوث والدراسات.
مصطفى، شربال و الطاهر، أد. بلعبور، 2018، الوعي الاجتماعي: المفاهيم والاختلاف بين علم النفس وعلم الاجتماع، الجزائر: جامعة جيجل، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، مجلة أبحاث نفسية و تربوية. مج:9، ع:3 جوان.